# بەرەو نیشتمانێکیتر ... ئاگرین

"جیرانەکەت خۆش بوی"

مەسیح

کارناسان ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی گەلی کوردستانیان لە باشور بە قۆناغی پەرینەوە ناوزەد کردووە، پەرینەوە واتە گەیشتن بە جیهان و ژیانێکی تازە، واتە هەستکردن بە کیان و بوونێکیتر، واتە سەفەر بەرەو سەقامگیری، پەرینەوە واتە بەجێهێشتنی ئەزمە و ئاریشە و پرسە ئازار سازەکان.

ئەوەی ئەرکی ئەم قۆناغەی گران کردووە مانەوەی شوێنەوار و ئاسەواری عەقڵییەتی ئەویتری داگیرکەرە بە زمان و ژیانمانەوە. رۆژانە ئەو ئاسەوارە نەگریسانە بە سەر دەکەینەوە.

ئێمە ناتوانین پەرینەوە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین لە کاتێکدا ئازارەکانی ئێستا و پارازیتەکانی ئێستامان هەڵگرتبێت،

بۆیە دابڕان لە ئاریشە و ئەزمە و ئازارەکانی ئەمڕۆ زەروورەتێکە بۆ گەرەنتی "قۆناغی پەرینەوە ".

یەک لەو ئازارانە، بیستنی رۆژانەی دەستەواژەی "کۆنە.. " یە لە شەقامی کوردیدا کە بەداخەوە زۆر جاریش رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانیش تووش دەکات، ئەم "کۆنە"انەش دابەش دەبن بە سەر دوو گرووپدا:

1_ "کۆنە بەعسی " و.... هتد.

2_ "کۆنە شیوعی " و "کۆنە پەکەکە" و"کۆنە پارتی " و"کۆنە یەکیتی" و.... هتد.

تاقمی یەکەم بە هۆی نیازی ماددی، هەژاری فەرهەنگی، رقی شەخسی، بێزاری، و.... هتد کاتی خۆی بەیەک لە شێوەکان لە خزمەتی بەعسدا بوون.

ئایا پەیرەو کردنەوەی میکانیزمەکانی بەعس واتە سڕینەوەی فیزیکی و... چارەسەرە؟

ئایا دەرکردنیان ڕێگا چارەیە؟

کەوایە دوای ئازادی و لێبوردن و لێخۆشبوونی سەرکردایەتی شۆڕش، و هەروەها ڕەچاو کردنی سیستەمی عەشیرەتی عێراقی ئەوکات نیشتمان ئەوانەی لە ئامێز گرتووە. بەشی دووەمی ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەوانە بە کار دەبرێ کە لە ناو حیزب و تەشکیلاتێکی ترەوە هاتوونەتە ناو حیزبێکیتر، هیچ کام لەمانە لە ریزی نەیاردا نەبوون، بەڵکە لە سەنگەری بەرگریکردن لە نیشتمان و خەبات و تێکۆشاندا بوون و ئێستا کە بە هەر هۆ هاتوونەتە ناو حیزب و لایەنێکیترەوە، ئەوش لە کاتێکدایە کە نە سەنگەری دوێنێیان مایەی نەنگە و نەش سەنگەری نوێیان پیرۆزیەکی تایبەتی هەیە!!

بۆیە ئەگەر کوردێک، کوردێکیتر بە "کۆنە... " ناو ببات نە تەنیا کارێکی باشی نەکردووە بەڵکە خزمەتی عەقڵییەتێکی کردووە کە خاوەنەکەی لە سەر ئەرزی واقیعدا نەماوە! ئەگەریش لە ناو ریزێکی حیزبیدا وەها کایەیەکی زمانی هەبێت کارەساتە و پێویست دەکات رێبەرایەتی ئەو حیزبە چارەسەرێکی لۆژیکی بۆ بدۆزنەوە.

پێشک ئەم ئەدەبیاتە کوشندەیە وەک نەخۆشی یەک بە ناو جەستەی نیشتماندا پیاسە دەکات، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە هێندە باس لە "کۆنە... " دەکەین، هێندە باس لە رۆحێکی تازەی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین ئایا بە قازانجمان نییە؟

ئەم قۆناغە دەخوازی هەر کام لە ئێمە سەرەتا پیاچوونەوەیەکمان بە خۆماندا هەبێ خۆمان لەو کۆت و بەندانەی کە ئینسان لە ناو بازنەی نەریت و سونەتدا دیل دەکەن رزگار بکەین و میهرەبانانە وێرای ڕێزگرتن لە بیر و ئەندیشەی یەکتر سەیری یەکتر بکەین و بەردی بیناغەی نیشتمانێک دابنێین دوور لە بوونی شوێنەوارە شوومەکانی یادگاری نەیارانمان، لە وەها حاڵەتێکدا یەکەم هەنگاوەکان بە سەرکەوتوویی هەڵدەگیرێ و مژدەی ئایندەیەکی جیاواز بە نەوەکانی ئایندە ئەدەین، نەوەیەک لە باتی تورە بوون و نەفرەت بیر لە چارەسەری بکاتەوە، نەوەیەک لە باتی هێرشکردن، رەخنەی بونیادنەر بگرێ، نەوەیەک کە خۆشەویستی وڵات و گەل بخاتە سەرووی خۆشەویستی عەشیرەت و خێڵ و حیزبەوە، با هەمووان بیر لەو ئاسۆیە بکەینەوە، بیر لەو نیشتمانە بکەینەوە، بیر لەو وڵاتە بکەینەوە، جیاواز و دوور لە خەمەکانی ئەمڕۆمان.

با لە باتی بەرزراگرتنی ئەدەبیاتی نەیارانمان بە ئەدەبیات و دیسکۆرسێکی سەردەمیانەوە بەرەو نیشتمانێکیتر بڕۆین، نیشتمانێک کە جیران جیرانی خۆش بوی بە بی سەرنجدان بەوەی ئایا هاوبیریە یان نە بەڵکە بە رۆحێکی "کانت"یانە یەکترمان خۆش بوی.